www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 27-11-2006 11:22

# توندوتیژییەکانی بەغداو، هەڵوێست و ئایندەی کوردو ئەمریکا لەو نێوەندەدا ... فوئاد سدیق



لەسەرەتای مانگی ئابی ئەمساڵەوە تا ئیمرۆکە توندوتیژییەکانی عێراق بەجۆرێك پەرەیسەندووە، کە رەنگە پرۆژەکەی (بیکەر- هاملتون) یش فریای ئەو دۆخە نەکەوێت و لە رووی کردەییەوە نەتوانێ پلانێکی تۆکمە بۆ هێورکردنەوەی ئەو دۆخە داگیرساوەی عێراق دابنێت، هەبوونی پەرەسەندنی ئەو توندوتیژییە وای لە حکومەتی مالکی لەلایەك و ئەمەریکاش لەلایەکی تر کردووە، کە نەزانن چۆن بەسەر ئەم دۆخە داگیرساوەدا زاڵ بن. نەك هەر ئەمە بەڵکو رۆژ لە دوای رۆژ گروپ و کۆمەڵەی تیرۆریستی زیاتر دەبن و تەنانەت گروپی تیرۆریستی ئێستا لەناو میلشیاکانی شیعەش بەرادەیەك پەرەی سەندووە کە لەهی سونییەکان مەترسیدارترن وەك (گرووپی مەرگ) و... هتد.

بۆ گەران بە دوای چارەسەرێکی ئەم بارە ناهەموارە، ئیدارەی ئەمەریکا بە چرِی سەرقاڵ بووە، بەڵام دەتوانین بڵێین، دۆخەکە بەجۆرێکە، پلان و لێکۆڵینەوەکان باریان زۆر قورس بووەو هیچ مژدەبەخشێکیان پێ نییە، هەر ئەوەشە وایکردووە، دیموکراتەکان هێندە جەخت لە کێشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکی بکەنەوە لە عێراق. بەڵام چۆن کێشانەوەیەك، وەکو ئەوەی ڤێتنام؟، یان ئەوەی سۆماڵ؟ کە لەسەردەمی دیموکراتەکاندا بوو، لەناکاو هێزەکانی خۆیان لە سۆماڵ کشاندەوە. لەکاتێکدا کۆمارییەکان ئێستا سوورن لەسەر مانەوەیان لە عێراق و هەموو هەوڵێکیان چڕ دەکەنەوە بۆ زاڵبوون بەسەر تیرۆریستاندا، بەڵام بەم عەقڵییەت و بەم میکانیزم و ئەجیندایەی ئێستا، تیرۆریستەکان رۆژ لە دوای رۆژ زیاتر پەرە دەستێنن، لە کاتێکدا پێویست بوو رۆژ لە دوای رۆژ لاواز و لاوازتر ببن، کەچی ئەوەتا لەم لە یەك دوو رۆژەی رابردوودا، داوا لە ئەمەریکا دەکەن وەك هەنگاوی یەکەم بە غدا چۆڵ بکات، هەموو چاودێرانی سیاسیش فەشەلهێنانی ئەمەریکا لەعێراق بە ئەمری واقیع دەزانن؟ کەواتە ئەمەریکا چی بکات تا لەم هەلومەرجە ئێکجار مەترسیدارەی دەربچێت، تا ئەم چوار مانگەی دوایی، باڵی توندوتیژی ئەمەندە لەناو شیعەکان پەرەی نەسەند بوو وەك ئێستا کە هەیە، هێزە سونییەکان ئێستا زۆر راشکاوانەتر و بێ منەتانەتر داکۆکی لە هێزی بەرەنگاری و هاتنەوەی بەعس و دەرکردنی ئەمەریکا و.. هتد دەکەن، میلشیاکانی سەدر لە میلشیاکانی حزبوڵڵای لوبنانی خراپتر چەقیون، ئەمەریکاش هیچ بەرچاو روونییەکی نییە بۆ هێورکردنەوە و چارەسەرێکی بنەرەتییانە بۆ عێراق، تەنانەت تا ئێستا ئەمەریکا بەو بارە قورسەی کەوتۆتە سەر شانییەوە، کەچی هێشتا لەگەڵ جیابوونەوەی کوردەکان نییە، تا ناوچەیەکی ئارام مسۆگەر بکات، وڵاتانی هەرێمیش تورکیا، ئوردن، سعودیە، سوریا، ئێران هەموویان دەیانەوێ هەژموونی خۆیان لەناوعێراق قایمترو بەرفراوانتر بکەن، ئەمەریکاش بەو زەبەلاحیەی خۆیەوە ناچار کراوە، جارێك لەگەڵ تورکیا، جارێك لەگەڵ سعودیە، جارێکیش لەگەڵ ئوردن دابنیشێ تا دەروازەیەك بۆ ئەم کێشەیە بدۆزرێتەوە، پێمواپە ناچاریش دەکرێ (وەك چاودێرانی سیاسی ئەمەریکی و ئەورووپی پێیان باشە) لەگەڵ سوریا و ئێرانیش دابنیشێ بۆ ئەوەی هاوکاری ئەمەریکا بن لەم تەنگژە قووڵەیدا، ئێستا قسە لەسەر ئەوەیە کشانەوەی ئەمەریکا لەعێراق، سەردەمی کشانەوەی هێزەکانی نییە لە سۆماڵ، بۆیە بە شکستێکی ئەوتۆ دادەنرێ کە لە هی ڤێتنام کاریگەرتر دەبێ سووکتر نابێ.

کەواتە بۆ ئەوەی ئەمریکا بەر ئەو گورزە نەکەوێت، باشتر وایە بە وردی گوێ لە بۆچوونەکانی کورد بگرێت کە بارزانی سەرۆکایەتی دەکات. دەنا هیچ رێگاچارەیەکی دیکە لە ئارادا نییە، ئەمریکا لەو دۆخە تێکچرژاوە رزگاربکات.